**خانەقین:**

# جەلادێك قەتڵ و عامی خێزانەكەی خۆی دەكات؟

## تەها سلێمان

ڕۆژانە گوێمان لەتاوانی جۆراو جۆر دەبێت لەكۆمەڵگای كوردیدا، ئەمجارەیان لەخانەقین پیاوێك ڕوونتر دەتوانین بێژین جەلادێك بەناوی (خالد ڕاغب)شەوی (دە لەسەریانزە)ی مانگی 2006/1 كاتژمێری (2)ی شەو بەوپەڕی وەحشیانە دەكەوێتە وێزەی خێزانەكەی خۆی و بەدڕندانە ترین شێوە و دوور لەهەر بەهایەكی مرۆیی (6) كەس لەئەندامانی خێزانەكەی خۆی قەتڵ و عام دەكات .لەناو ئەم (6) كەسەدا (1)میان خێزانی خۆیی و (3)یانیان كچێتی و (2)نیان كوڕێتی .شاتحاڵەكانی نزیك و ئاگادار لەم تاوانە نامرۆییە جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كەئەم پیاوە نزیكە لەڕەوتە وەهابیە ئیسلامیەكان و پێشووتریش بەوە ناسراوە كەچەندین تاوانی كوشتنی تری ئەنجام داوە. بەلاّم ئەندامانی خێزانەكەی بەپێچەوانەوە لەگەڵ بۆچونی باوكیان نەبوون و هەمیشە بۆچوونەكانی ئەویان ڕەتكردوەتەوە . ئەم پیاوە دوای ئەنجامدانی تاوانەكەی خۆی تەسلیم دەزگاكانی پۆلیس لەشاری خانەقین كردوە. هەروەها دەنگدانەوەی تاوانە كەم وێنەیە بوەتە جێی نارەزایەتیەكی زۆر لەناوشارەكەداو سەرزەنشت دەكرێ. شایانی باسە یەكێك لەكچەكانی مامۆستایە و لەژیانی هاوسەریدایەو لەشارۆچكەی باوەنوور نیشتە جێیە.